**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لێکەوتە ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا

**1- مامۆستای یاریدەدەر: رۆژگار سعدی صابر**
**بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- عیراق**
Rozhgar.Saadi@su.edu.krd
**2- هەڵگری بڕوانامەی ماستەر: سەمیع مستەفا حەسەن**
**بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- عیراق**
Samih.Hassan@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٠/٦/١٨
پەسەندکردن:٢٠٢٠/٨/١٧
بڵاو کردنەوە:هاوینی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**
*economic*
*conflict*
*political*
*relationship*
*social*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.5.3.04

## پوختە

لێکەوتە ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا، بەسەرچاوەی سەرەکی گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دادەنرێن، توندی ململانێ حیزبی پەیوەندییەکی پتەویان بەلایەنی ئابوورییەوە هەیە، لەهەمان کاتدا، هەر کێشەیەکی ئابووری ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ململانێیەکی توند لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت. توێژینەوەکە (لێکەوتە ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا)، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، بەمەبەستی دەرخستن و زانینی لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا.

توێژینەوەکە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەیە. باسی دووەم:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکەیە: بەشی دووەم، باس لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی حیزبی لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. بەشی سێیەم پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەم: لێکەوتە ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی وەک: قەیرانی ئابووری، قەیرانی دارایی. باسی دووەم: باس لە دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری دەکات لە هەرێمی کوردستاندا. بەشی چوارەمش پێکهاتووە لە تاوتوێکردنی دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

## پێشەکی

ململانێی حیزبی پانتاییەکی فراوانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگاکەمانی گرتووەتەوە، خۆی خزاندووەتە ناو بەشێکی زۆر لە کایە گرنگەکانی کۆمەڵگادا، بەدرێژایی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکان بەچەندین شێواز و ئاستی جیاواز خۆی دەرخستووە و لێکەوتەکانی بوونیان هەیە. ئایدیۆلۆجیای حیزبایەتی تەسک دەسکەوتە نیشتمانی و نەتەواییەکانیشی لە پیرۆزی داماڵییوە و بەحیزبی کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ململانێ حیزبی شێوازێکی نادیموکراسی بەخۆیەوە ببینێت. بەهۆی ئەم ململانێیە نا دیموکراسییە حیزبییە، تاکەکانی کۆمەڵگا بەکۆمەڵێک ڕووداوی جۆراو جۆر گوزەریان کردووە، لێکەوتەی دیاری بەسەر ڕەوش و ژیانی زۆربەی تاکەکان و دامەزراوەکانەوە هەبووە، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا بە قۆناغێکی نالەباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری تێپەڕێت، کە دەکرێت بەهەر جۆر و ڕادەیەک بێت، دەرهاویشتەکانی بەدی بکرێت لەژێر کاریگەریی ئەم ململانێیە نادیموکراسییە حیزبییەدا.

نەبوونی متمانە لە نێوان حیزبە سیاسییەکان بووەتە هۆی ئەوەی لەناو پرۆسەیەکی فراوانی بێپلانی بژین؛ یاخیبوونی گروپێکی دەستڕۆیشتووی حیزبی, کاریگەری نەرێنی لە سەر زۆربەی کایە گرنگەکانی کۆمەڵگا و بەرەوپێشبردنی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت؛ لە دیارترین لێکەوتەی ململانێی حیزبی

فرەڕەهەنـدی قۆرخکردنی داهـاتە، واتە نەگەڕانەوەی داهـاتی گشـــتی بۆ خەزێنەی حکومەت. بەمەش ئـاســـتی داهاتی تـاکە نزمـدەبێتەوە، بەتـایبەت چینی نـاوەنـد کە بە داینەمۆی پێشـــکەوتنی هەر کۆمەڵگـایەک دادەنـدرێن، بەهۆی دواکەوتن و پێنەدانی شـــایســـتە داراییەکانیان. لەهەمان کاتدا، زیادبوونی ڕێژەی هەژاریش بەدیارترین زەمینە ســـازکەری ململانێیە نـاوخۆییەکـان دادەنـدرێـت و زۆربەی تونـدوتیژییە کۆمەڵایەتی و سـیاسـییەکان لە هەژاری و کەمدەرامەتی تاکەکانی کۆمەڵگاوە سـەرچاوە دەگرن، دواجار هەڕەشە لە سەقامگیری کومەڵایەتی و سیاسی دەکات.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:**

**1- گرفتی توێژینەوەکە:**

لێکەوتە ئـابووریـیەکـانی ململانێ حیزبی لە هەرێمی کوردســـتـانـدا، دەرهـاویشـــتـەی ئایدیۆلۆجیای حیزبایەتی تەســـکە کە خۆی خزاندۆتە ناو زۆربەی جومگە ســـەرەکییەکانی کۆمەڵگا، دەســـکەوتە نیشـــتمـانی و نەتەوەییەکـانی لە پیرۆزی داماڵییوە و بە حیزبی کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، ململـانێ حیزبی شـــێوازێکی قوڵتر بەخۆیەوە ببینێت. بەتایبەت دوای هەڵبژارنی ئایاری ســـاڵی (1992) لە هەرێمی کوردســـتاندا و بەدرێژایی (29) بیست و نۆ ساڵ لە حوکمرانی خۆیی: ململانێیەکی نادیموکراسی هەبووە لە نێوان حیزبە سـیاسـییەکان، ئەم ململانێیە لێکەوتەی نەرێنی لەسـەر بەشـێکی زۆر لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و لە پێکهێنەری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە. بۆیە ئەم دیاردەیە پێویســـتی بە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناســـیانە هەیە تا بخرێتە بەر توێژینەوەی زانستی.

**2- گرنگی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە لە لێکەوتە ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی لە هەرێمی کوردســـتانی-عێراقدا، بابەتێکی گرنگە، دەشـــێت لە چەندین بوار و ئاســـتی جیاوازەوە گرنگییەکەی بخرێتە ڕوو، بەتایبەت کە زۆر بەکەمی توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە؛ بۆیە بەگرنگی دەزانین کە توێژینەوەکە تەنیا خوێندنەوەیەکی ئایدێۆلۆجی سـیاسـی لەخۆ نەگرێت، بەڵکو خوێندنەوە لەسـەر لێکەوتەکانیشـی گرنگە، لەگەڵ باسـکردنی ئەم دیاردەیە و ڕەنگدانەوەی لەسـەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیـانی کۆمەڵـایەتی تـاکەکـانی کۆمەڵگـا. بۆیە هەوڵ بـدەین لەم ڕوانگـانەوە گرنگیی توێژینەوەکە زیاتر بخەینە ڕوو.

**3- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- دەرخستنی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی حیزبی لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان:

2- زانینی لێکەوتە ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا.

3- ئاشنابوون بە لێکەوتەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان.

**3- میتۆدی توێژینەوەکە: (Reaserch Method)**

میتۆد هونەری ڕێکخســتنی ڕاســت و دروســتی زنجیرەیەک بیرۆکەی جۆراو جۆرە، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕاستییەکان (أبوسليمان، 1996، ص: 15).

کەواتە، (میتۆد چەند هەنگاوێکی دیاریکراوە بۆ گەیشــتن بەڕاســتی) ((شــوانی، 2015، ل:22)).

**3- میتۆدی شیکاری: (Analytical Method)**

ئەم میتۆدە پڕ بایەخترە وەک جۆری وەسفی، ئەمەیان زیاتر وەسفی توێژینەوەی زانستی بەســەردا پڕاکتیزە دەبێت، ئەم جۆرە میتۆدە تەنیا بە وەســفکردنی دیاردەکە ناوەســتێت، بەڵکو پەنا بۆ شــیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان دەبات، بایەخ بە ڕەوشــی ئێســتا دەدات (ئەیراش، 2013، ل: 246).

**باسی دووەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**1- ململانێ: (The Conflict)**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زاراوەی ململانێ (Conflict) وشەیەکی لاتینیە لە (Confligere) وەرگیراوە، ئەم زاراوەیە ماناى دۆخێکی گرفتاریی دەبەخشـــێت، کە بەهۆی دوو ئامانجی جیاواز لەنێوان دوو مرۆڤ، یان چەند مرۆڤێک ڕوودەدات (ئەحمەد، 2007، ل:10). ململانێ بە دیاردەیەکی زۆر کۆن دادەنرێت لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەندێک پێیان وایە ناکرێت بەبێ بوونی ململانێ بیر لە بوونی گرووپی مرۆیی بکرێتەوە، لەبەرئەوە ململانێ بەیەکێك لە جۆرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لە ئەنجامی دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکان ســـەرهەڵدەدات (الطیب، 2007، ص: 106).

ململانێ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؛ بریتییە لەبەریەککەوتنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا کە لەسەر ئاستی تاک و گرووپ و دەســـتەبژێرە ســـیاســـییەکان لەگەڵ بوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات و دەبێتە هۆی ســـەرهەڵدانی ململانێکان. ململانێ تەنها خەســـڵەتی تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەڵکو لەناو هەموو گیانلەبەراندا بوونی هەیە، ئەوەی تایبەتە بە مرۆڤ، ململانێ بۆ مانەوەو پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤە لە کۆمەڵگادا، لەگەڵ کاڵبوونەوەی بەرژەوەندییەکان دەکرێت ململانێ کاڵ ببێتەوە. لەهەندێ کاتیشـــدا بەهۆی ململانێ بەرژەوەندیی هاوبەش بەدی دێت.

دەکرێت ململانێ لەســـەر بەها، پێگە، هێز، یان ســـەرچاوەیەکی دیاریکراو بێت، تەنیا ناوەستێتە سەر ئەم ئامانجەی کە لایەنەکان لە ململانێدان لەبەر بردنەوەی دەسکەوتێکی دیاریکراو، بەڵکو ئارەزووی ملکەچکردنی نەیاریش دەگرێتەوە (جوهري، 2007، ص:40). دەگونجێت ململانێ لەسەر ناهاوسەنگی لە دابەشکردنی سامان بێت، یان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی) (عمر، 2009، ل: 79).

کۆمەڵناسی ئەڵمانی 'لویس کۆزەر' دوو جۆر لە ململانێی دەستنیشان کردووە، یەکەم ململانێی ناوخۆیی؛ ئەم ململانێیە پەیوەســـتە بە ئامانج و بەها و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵە جیاوازییەکان لە کۆمەڵگادا، مەبەستی لێی پێکهێنانی یەکەکانی بنیادی کۆمەڵایەتییە وەک: نەتەوە، ئایین، چین و دەســـتەبژێر. جۆری دووەمیش ململانێی دەرەکییە، ئەم ململانێیە دروســـت دەبێت لەنێوان کۆمەڵگاکان و گرووپە نێو دەوڵییەکان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە خۆی لە داگیرکاری و شەڕ و ململانێی کولتووری و ئایدۆلۆجییەکاندا دەبینێتەوە (الزيباري، 2016، ص: 216).

**ململانێ لەڕوانگەی زانایان کارل مارکس و فلفریدۆ پاریتۆ و ئەنتۆنی گیدنز:**

**3-1- کارل مارکس (1818-1883)** پێیوایە: ململانێ لە نێوان چینی بورجوازی، کە خاوەن ئامرازو هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، لەگەڵ چینی پرۆلیتاریا کە کرێکاری زەحمەت کێشن و خاوەن هیچ شتێک نین جگە لەم هەوڵ و کۆشش و ئەم وزە مرۆییە نەبێت کە بەپارە بەچینی بورجوازی دەیفرۆشن، بەهۆی ئەوەی چینی پرۆلیتاریا هەست بەوە دەکەن کە لەکاتی کۆششەکانیان بەزیادبوونی بەرهەم مافەکانیان نەدراوە لەلایەن چینی بورجوازی، بەم هۆیەشەوە ململانێ سەرهەڵدەدات (Marx, 1959, P.171).

**3-2- فلفریدۆ پاریتۆ (1848-1924)** زانایەکی ئیتاڵییە پێیوایە: ململانێی لەنێوان دەستەبژێر و ڕەشۆکی خەڵک دەبێت، ئەوانیش دەستەبژێری فەرمان ڕەوا و دەستەبژێری فەرمان بەسەردا دراوە؛ ئەم ململانێیەش دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ لە نێوان ئارەزووی دەستەبژێر لە وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی و پارێزگاریکردن لێیی بۆ درێژترین ماوە، بوارنەدان بە ڕەشۆکی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە هێز و بەرپرسیاریەتیدا (Pareto, 1959, p. 143).

**3-6- جۆرج هیربەرت مید: (1873-1931 )** کۆمەڵناسی ئەمریکی پێیوایە: هەموو مرۆڤێک دوو دەروونی هەیە، لە ململانێدان، بەدەستەواژەیەکی تر، هەموو مرۆڤێک دەروونێکی کۆمەڵایەتی و دەروونێکی سروشتی هەیە، لەلایەک دەیەوێت ملکەچی ڕێساکانی کۆمەڵگا بێت، لە لایەکی تریش دەیەوێت ڕووبەڕووی ببێتەوە. کەواتە مرۆڤ بە سروشت بوونەوەرێکی تەواو کۆمەڵایەتی نییە وەک ئەوەی فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆتالیس پێیوابووە، بەڵکو هەم کۆمەڵایەتی و هەم ناکۆمەڵایەتییە، توخمی ملکەچی و توخمی ڕووبەڕووبونەوەی بەیەکەوە هەیە، دەروونێکی ملکەچی ڕێساکانی کۆمەڵگا دەبێت و دەروونێکی لێی یاخی دەبێت (وەردی، 2004، ل: 27 -31).

**3-3- ئەنتۆنی گیدنز (1938- Age 79 years)** پێیوایە: ململانێ پەیوەندیی دووبەرەکی نێوان دوو کەس، یان دوو گرووپە لە کۆمەڵگادا، ململانێ دوو شێوەی هەیە، یەکەمیان کاتێک ڕوودەدات کە ناکۆکی لەنێوان بەرژەوەندی دوو کەس، یان دوو گرووپ، یان زیاتر دروست دەبێت؛ شێوەی دووەمیان کاتێک ڕوودەدات کە گرووپەکان دەکەونە کوشتنی یەکتری (گیدنز، 2013 ، ل: 293).

**ململانێی حیزبی: (The Party Conflict)**

حیزبی سیاسی ئامرازێکی گرنگە بۆ دەربڕینی ئاراستەی ویستی گەل لەڕێگای بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکان. حیزبی سیاسی ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لە ئاستێکی بەرفراواندا (Reilly and Nordlund, 2008, p.7).

زانای سیاسی ئەمریکی "ئەنتۆنی داونز" پێیوایە: حیزبی سیاسی لە کۆمەڵە کەسانێک پێکدێت کە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەزگاکانی حکومەت دەدەن بە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دەستووریانە (Hofmeister and Grabow, 2011, p.11).

حیزبی سیاسی ڕەنگدانەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و فکری و ئابووری و کولتووری کۆمەڵگایە، حیزب بەشێکە لە سیستەمی سیاسی، تارادەیەکیش بریتییە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، بۆیە هەر جۆرە ناهاوسەنگییەک لە سیستەمی سیاسی ڕووبدات، دەبێتە هۆی دواکەوتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، کەواتە حیزب دەبێت بە شێوەیەکی بەرپرسانە ڕێگای کارو چالاکی حکومی بگرێتە بەر، بەڵام هەموو حیزبێك وەك یەك نە بەستراوە بەسیستەمە سیاسییەکەی، بەهەموو ئەم ڕۆڵە بەرپرسیاریەتەی کە دەبێت بیبینێت (باسیرە، 2014، ل:20).

لە جیهانی ئەمڕۆدا سەرجەم حیزبە سیاسییەکان ئەنجامی ململانێیەکن، کە ئامانجەکەی بۆ فەرمانڕەوایەتییە، جا چ بە ئاشتیانە بێت، یان بە خەباتی چەکداری، ململانێی سیاسی زۆربەی کاتەکان زاڵبوون و شکست بەرهەم دەهێنێت، ئەنجامەکەشی ململانێکە هەر بەردەوام دەبێت لەدوای هەر حاڵەتێک لەم حاڵەتانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە ململانێی حیزبی: بریتییە لە ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان، کە هەر هێزێک هەوڵدەدات کۆنتڕۆڵی هێزەکانی تر بکات و هەژموونی خۆی بســەپێنێ. لە گرینگترین ئامرازەکانی ململانێی وەک: حیزبی سیاسی و سەندیکا و گروپی فشار و سەرکردایەتییە. لە گرینگترین ئامرازە بابەتییەکانیشدا، ئایدیۆلۆژیا و ڕای گشتییە. (عبدالکافی، 2012، ص: 19).

## 2-4- لێکەوتە ئابوورییەکان: (The Economical outcomes)

بریتییە لە لێکەوتەی ئابووری کە لەمیانەی پڕۆســەی بەڕێکەوتنی بەرژەوەندییەکان لە کۆمەڵگادا بەدەردەکەون لە نێوان ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکان، لەزۆربەی کاتەکاندا نا ئارەزوو مەندانەن، دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری گشتی.

## بەشی دووەم/ ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی حیزبی لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان:

مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵگایە، لەدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ناتوانێت وەک مرۆڤێکی ئاســایی بژ یت، مرۆڤ لەڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەرەوە پڕۆســەی وەرگرتنی بیروڕای هەڵســوکەوتوو لە کولتوور وەردەگرێت و فێری دەبێت. کەواتە کەسیەتی مرۆڤ کەسیەتییەکی وەرگیراوە، تاک لە سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە وەری دەگرێت، لەم ڕوانگانەوە هەوڵدەدەین ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی حیزبی لەســەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و بواری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردســتاندا ڕوونبکەینەوە:

## 1- خێزان: (The Family)

خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ئەندامەکانیان بەهۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەیەک دەبەستێتەوە، ڕۆڵێکی گەورەشی هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتار، یەکەم فێرکاری کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵ، بەشــێوەیەک خێزان هەڵدەســتێت بە ئاراســتەکردنی منداڵ بۆ کۆمەڵگا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەهەمان کاتدا بەخانەی یەکەمی کۆمەڵگا دادەندرێت کە تیایدا منداڵ گەشە دەکات، هەر لە خێزانەوە ئەم منداڵە دەستەدەکات بە پەیوەندیی بەجیهانی دەوروبەری، بۆیە زۆرجار ئەندامەکانیان هەوڵی گواستنەوەی ئەم کولتوورە دەدەن کە لە خێزانەوە وەریانگرتووە بۆ نەوەکانی خۆیان، کە تیایدا دایک ڕۆڵی یەکەم دەبینێت لەسەر ئاستی نەریتەکان، ئینجا ڕۆڵی باوک دێت بۆ کارکردنە سەر منداڵ لە ئاستەکانی تردا، وەک گەشەپێدانی سیاسی ( إبراش، 1998، ص: 212). لەهەمان کاتدا ئەم ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی کە دەخرێتە سەر ئەستۆی تاک لەلایەن خێزانەکەیەوە، بەکلیلی سەرەکی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا دادەندرێت، بەهۆی ئەوەی دەرگای هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک پەروەردە و ئابووری و سیاسی و کولتووری لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا بەڕووی دەکرێتەوە (عمر، 2007، ل: 6).

لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەم هەژموونە سیاسییەی کە حیزب هەیەتی بەسەر زۆربەی دامەزراوەکان، دەرهاویشتەی نەرێنی کردووەتە سەر دامەزراوەی خێزان، بەشێوەیەک بەشێکی زۆری لەم باوک و دایکانەی ئینتیمایان بۆ ئایدیۆلۆجیای حیزبێکی سیاسی هەیە، لەکاتی ململانێی حیزبی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەندامەکانی دیکەی خێزان، بەتایبەت لەم کاتانەی کە ململانێیکە شێوازێکی نا دیموکراسی بەخۆیەوە دەبینێت.
لەهەمان کاتدا ململانێی نادیموکراسی حیزبی دەبێتە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری ئابووری، لەویشەوە دەرهاویشتەی نەرێنی لەسەر بژێوی ژیانی ئەندامەکانیان خێزان دروست دەکات، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری و زیادبوونی هەژاری؛ بەم هۆیەشەوە چەندان گرفت و کێشەی نەخوازراو ڕووبەڕووی خێزان دەبنەوە، لە گرنگترینیان: لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان و کەمبوونی وەچە خستنەوە و کەمبوونەوەی پڕۆسەی هاوسەرگیری و زیادبوونی ڕێژەی لێکجیابوونەوەی هاوسەرەکانە.

## 2- دامەزراوەی پەروەردەو فێرکردنی فەڕمی:

فێرکردنی فەرمی لە دامەزراوەکانی فەڕمی کۆمەڵگادا دەکرێت، واتە قوتابخانە، پەیمانگا، زانکۆ.. کە ئامرازی کۆنتڕۆلکردنی فەڕمییە لەڕێگای دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردنەوە، تاکەکان جۆرەها زانیاری جیاواز وەردەگرن و فێردەبن، زانیارییەکان گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن تا دەگاتە وردترین ئەم پسپۆڕییە زانستیانەی، کە هەموو بوارەکانی کار و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیان دەگرێتەوە، لەوێوە ڕۆشنبیریی پێویست دێتە بەرهەم، "فێرکردن" پاڵپشتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەو کاردەکاتە سەر دۆخی سەقامگیری سیاسی (عبدالجواد، بدون سنة، ص: 115).

لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی ململانێی حیزبی، دەستوەردانی سیاسی لە دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردنی فەرمی بوونی هەیە، بەم هۆیەشەوە زۆربەی بەرپرسیاریەتی کارگێرییەکان لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبی سیاسی دادەندرێن، بەبێ بایەخدانی تەواو بە لێهاتوویی و شارەزایی و ئاستی زانستی، بەشێوەیەک بڕوانامە بەرزەکان لەم دامەزراوانەدا ئەگەر هەمان ئایدێۆلۆجیای حیزبی دەسەڵاتداریان نەبێت کە لەم ناوچەیە باڵادەستە، ئەوا لەزۆربەی پۆستەکانی بەڕێوەبردن بێبەش دەکرێن؛ ئەمەش گرفتێکی زۆری کۆمەڵایەتی و دەروونی لەسەر توانا پەروەردەیی و زانستییە فەرامۆشکراوەکان دروست دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بێ پیلانی پێویستی دامەزراوەکان و بازاڕی کارکردن ژمارەیەکی زۆر لە دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان تا ئاستی خوێندنی باڵاش خوێندن تەواو دەکەن، دواتر بێبەش دەبن لە فەراهەمبوونی دەرفەتی کارکردن، بەتایبەت لە کەرتی گشتی.

لەهەمان کاتدا لێکترازانی چەمکەکانی خوێندنی، وەک: قوتابی، خوێنکار و قوتابخانە، خوێندنگە، لێکەوتەی ململانێی حیزبییە لە کۆمەڵگاکەماندا، کە زۆرجار دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی بەرەوپێشچوونی پەروەردەو فێرکردن و ڕەنگدانەوەی نەرێنی دروست دەکات لەسەر گەیاندنی پەیامی پەروەردە و فێرکردنەوە، زۆرجاریش ململانێ حیزبی دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەشێکی زۆر لەتوانا پەروەردەی و زانستییەکانی ئەم دامەزراوە فەرمییانە.

**3- دەزگا ئاینییەکان: (The Religious Institution)**

ئایین بیرو باوەڕێکە پەیوەندیی بەم کولتوورەوە هەیە کە لە کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە و بەشێکە لە کولتوور، هێزێکی ڕوحییە بۆ ئەم کەسانەی کە سروتە ئایینیەکان پەیڕەو دەکەن.

ئایین شێوەیەکی تایبەتە لە شێوەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەیەکی نا زانستییانە بۆ ڕەوش لەخۆ دەگرێت (سبيريكين، 1979، ص: 34 ).
لەهەمان کاتدا ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، باوەڕهێنانە بە بیرو باوەڕێک کە توخمە نادیار و کاریگەرەکان لەخۆ دەگرێت، تیایدا مرۆڤ پابەست دەبێت بە پەیوەندیی بەخواوەندو گوێڕایەڵی و پەرستن، لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی دامەزراوەییە، بۆیە لەگەڵ تۆڕەکانی هێز و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەکان بەگوێرەی پلەی پەرەسەندنیان کارلێک دەکات؛ لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمێ ئاکاری پێشکەش دەکات، لەپاڵ سیستەمی کۆنتڕۆلی کۆمەڵایەتی (Moussa, 1993, p. 15).
لە چاخی فەلسەفەی یۆنان (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) بەهۆی ئایینەوە، ئەرکی سیاسی و ئاکاریان بە خواوەندەکان و ئەفسانەکان بەخشیووە، هانی خەڵکیان داوە بۆ ملکەچبوون بۆ دەوڵەت. لە چاخەکانی ناوەڕاستیشدا، پیاوانی کەنیسە دەسەڵاتیان بەپیرۆز و ڕەها دەزانی، بەهۆی ئەمەوە هەژاری و نەخوێندەواری و ستەم باڵادەست بوو (بشارة، 2013، ص:49).

## ئایین لە ڕوانگەی زانایان و بیرمەندانی کۆمەڵناسی:

**نیکۆلۆ ماکیاڤیلی (1469-1527)** پێیوایە: ئایین بەسوودە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت بۆ ڕێکخستنی خەڵک و یەکە سەربازییەکان. ئایین بەسوودە بۆ یاسادانەران و سەرکردە سەربازییەکان، بەڵام وەک پۆشاک وایە بۆ پیاوە خراپەکان، کە بەهۆی ئایینەوە زۆر بەئاسانی دەتوانن فرت و فێڵ بکەن (ميكافيلي، 2004، ص:65).

**ئەمیل دۆرکهایم (1858-1917)** پێیوایە: ئایین ڕەگەزی تێکهەڵکێش و ئاوێتەکردنی کۆمەڵایەتییە، هەوڵی یەکگرتنی کۆمەڵە مرۆییەکانە، بەتایبەت لە کۆمەڵگا نەریتییەکان، بەپەیرەوکردنی ئەم بیروباوەڕانەی کە پەیوەندیان هەیە بە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا (Durkheim, 1995, p. 21).

**کارل مارکس (1818-1883)** پێیوایە: ئایین دەستکردی مرۆڤە، ڕەخنەگرتن لە ئایین بناعەی هەموو ڕەخنەکانە، (ئایین هەناسە هەڵکێشانی ستەمدیدەی چەوساوەیە، دڵی جیهانێکە، کە بێ دڵە) ((ماركس، 1974، ص:53)).

هەرێمی کوردستان کۆمەڵگایەکی فرەئاینییە، لە گرینگترین ئایینەکانیش، ئایینی ئیسلام و مەسیحی و ئێزیدیی و کاکەیین و.. ئایین ڕۆڵی لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگادا هەیە، بەهۆی ئەوەی ئایین بەپیرۆز سەیر دەکرێت، بەڵام دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی حیزبی بەڕوونی ڕەنگدانەوەی نەبووە لەسەر جیاوازی بیروڕای ئایینی و پەیڕەوکردنی سروتە ئایینییەکان، بەڵکو ئەوەی هەبووە بەکارهێنانی ئایینەکانە لە ململانێی حیزبی بۆ بەرژەوەندی حیزبە سیاسییەکان، بەتایبەت لەلایەن حیزبە سیاسییە ئیسلامییەکان، کە ئایینیان کردۆتە ئامراز بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و گەیشتن بە دەسەڵات.

**4- هۆیەکانی ڕاگەیاندن: (The Media)**

هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی، وەك: (بینراو، بیستراو، نوسراو) دەگرێتەوە، کە لەم سەردەمەدا بەئاسانترین شێواز و بەکەمترین کات پەیامەکەی دەگات بە تاکەکان. سەرچاوەی هەواڵەکانیش زۆر و جۆراو جۆر و کاریگەرن.

دەتواندرێت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەم ڕێکخراوانە ببەستێندرێت کە بەشێوازێکی بەرفراوان ئەم تەکنیکانە بەکار دەهێنن "پەیوەندی جەماوەری" (Marshall, 1998, p. 396). ئەمانە هەمووی وشەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن کۆیان دەکاتەوە، کە خوێندن و پەرەسەندنی بەشێکە لە زانستی کۆمەڵناسی لەبواری پەیوەندییەکان (Gurevitch et al. 2005, p. 26). زانایانی کۆمەڵناسی هانی پەیوەندیی جەماوەری دەدەن بەهۆی ئەم پەرەسەندنانەی کە لەبواری تەکنەلۆجیا بەدیدێن (Borgatta and Montgomery, wihout year, p.176).

دەرهاویشتەکانی ڕاگەیاندن زۆرن و جۆراو جۆرن، کاریگەریشیان جۆراو جۆرە، لەوانەیە کورت خایەن بن، یان درێژخایەن، بەهێز بن، یان بێهێز و کاریگەریان لەسەر لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری دەبێت (الشميري، 2010، ص: 56). ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی دیار و گرنگیان هەیە لە پێکهێنانی ڕای گشتی، ڕاگەیاندنی نوێ چەندین ئامانجی جۆراو جۆری هەیە، وەک لایەنی سیاسی و ئابووری و پروپاگەندەیی و خۆشگوزەرانی (حسين، 2011، ص: 100).

دەزگا ڕاگەیاندنە کاریگەرەکان لە هەرێمی کوردســـتاندا، لەچوارچێوەی پەیڕەوکردنی یاســـایەکی دیاریکراودا پابەندی کارکردنی تەواویان نییە، چونکە هەریەکەیان کار بۆ ئایدلۆژ یایی حیزبێکی دیاریکراو، یاخود گرووپێکی دیاریکراودا، یان بەرژەوەندی تاکێک دەکەن، ئەمە وایکردووە زۆرجار ململانێی حیزبی بە ئاسانترین شـێوە بگات بەتاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا، لەوێشـەوە ململانێکان قوڵتر ببنەوە و دەرهاویشـتەی نەرێنی لەسـەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا دروست بکات

لە هەمان کاتیشدا بەهۆی ئەم کاریگەرییە گەورەیەی کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن هەیانە، لێکەوتەکانی لەســەر بازاڕی کارکردن و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بە ڕوونی دەردەکەوێت، کاتێک کە قەیرانێک سەرهەڵدەدات ڕاستەوخۆ لە ڕێگای کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەبێتەوە بێ گوێدانە دەرهاویشـــتە خراپەکانی، ئەمەش بووەتە هۆی دروســتکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر بازاڕی کارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا.

لە لایەکی دیکەشەوە، بەهۆی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە تاکەکانی کۆمەڵگا لە ئاستێکی بەرزی هۆشـیاریدان، سـەرەڕای ململانێی حیزبی، دەتوانن پەی بە ڕاســت و دروســتی بەشێکی زۆر لە زانیارییەکان ببەن.

**بەشی سێیەم/ باسی یەکەم: لێکەوتە ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی:**

لە ڕووی ئابوورییەوە لە ســەرەتای ســەدەی بیســت و یەک و پاش ڕوخانی حکومەتی بەعسی عێراق لە ساڵی 2003 دا و چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستوری عێراقدا، باری ئابووری کوردستان لە نێوان ساڵانی (2004- 2013) گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بەرهەمی دوو هۆکاری سەرەکی بوو؛ هاتنی بودجە لە حکومەتی ناوەندییەوە بە پشـت بەسـتن بە بەهای بەرزی نەوت، هەروەها هاتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیان بیانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان؛ ئەم بارودۆخە بووە هۆی چەند لێکەوتەیەک کە بریتین لە:

**1-** دەوڵەتی ڕانتی: (Rentier State) دەوڵەتی ڕانتی بەم دەوڵەتانە دەوترێت کە زۆربەی داهاتەکەی لەدەرەوە دابین دەکرێت، کارکردن و سیستەمە سیاسییەکەی پەیوەستە بەم داهـاتە دەرەکییەوە؛ واتە داهـاتەکەیـان لە ئەنجـامی چـالـاکی بەرهەمـداری ئـابووری

ناوخۆییەوە بەدەست نایەت، نموونەی بەرچاوی داهاتە ڕانتییەکان فرۆشتنی نەوتە کە لە وڵاتە خاوەن نەوتەکان بەدەست دێت (احمد، 2017، ل: 56). هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی ئەم دەوڵەتانە سەرچاوەی سەرەکی داهاتەکەی نەوت و حکومەتی ناوەندییە، بۆ دابینکردنی پێداویستییە داراییەکانی دامەزراوەکان.

**2-** پەرەسەندنی شارنشینی: بەهۆی ئەم کاریگەرییەی کە بنیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری شارەکانی هەرێمی کوردستان هەیانە، گۆڕانکاری لە ڕۆڵ و ئەرکی شار کردووە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو شارەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان بەخۆیەوە بینی، تیایدا دەمەزراوەی نوێیی ئیداری و حکومی و پەروەردەیی و زانستی و هۆیەکانی گەیاندن و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیان سەند. لەهەمان کاتدا، ئاستی خوێندەواری بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، خەڵکێکی زۆر بڕوانامەی زانستی لە پسپۆڕی جیا جیا بەدەست هێنا؛ ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک داوای دامەزراندن بکەن لە کەرتی گشتی، بەمەش ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە خەڵك دامەزرێندران، کە تیایدا ئەندامانی حیزبە سیاسییەکان وەک پێشبڕکێی حیزبی پشکی شێریان بەرکەوت لەم دامەزراندنانە، بەتایبەت هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار.

هەروەها، بەهۆی ململانێ سیاسی و مەزهەبییەکان، خەڵکێکی زۆری ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق ڕوویان لە شارەکانی هەرێم کرد. ئەمە بووە هۆی دروستبوونی بارگرانییەکی قورسی ئابووری لەسەر حکومەتی هەرێم، بەتایبەت لەکاتی دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بودجەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە؛ هەرێمی کوردستانی توشی کۆمەڵێک قەیران کرد، لە گرنگترینیان دروستبوونی قەیرانی ئابووری و قەیرانی داراییە.

**یەکەم/ قەیرانی ئابووری: (The Economic Crisis)**

قەیرانی ئابووری بریتییە لە حاڵەتێکی مەترسیدار، کە هەڕەشە لە دەوڵەت و دەزگاکانی دەکات، بەتایبەت لەم دەوڵەتانەی کە زیاتر پشت بەیەک سەرچاوەی سەرەکی داهات

دەبەستن، لەکاتی کەمبوونی خواستی کڕین لەسەر ئەم سەرچاوەی داهاتە سەرهەڵدەدات.

کەواتە پشێوییەکی توندە کە لە ئابووری کۆمەڵگادا پێی دەوترێت قەیرانی ئابووری، لە ئابووری سەرمایەداری ئەم شێوازە ڕوودەدات کاتێک کە ژمارەیەکی زۆر لە پێداویستی و کەلوپەلی بەرهەم هاتوو بواری فرۆشتنیان بۆ نەرەخسێت، یاخود خستەڕوو زیاتر بێت لە خواست. ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کە پێداویستیی هەنووکەی بۆ ئەم بەرهەمانە نییە، بەڵکو داواکارییەک، یان خواستی کڕێن نییە، یاخود کەمترە لەهێزی کڕین تا پشتیوانی لێبکات (Heinrich, 2004, p. 196).

یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی بەشەمەینەتی کۆمەڵگا مرۆییەکان، سیستەمی ئابووری ئازاد و پەیوەندییە بەرهەمهێنەکانی ئەم سیستەمەیە، واتا بەشەمەینەتی مرۆڤ لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی، نایەکسانی قووڵ، دابەشکردنی نادادپەروەرانە و نابەجێی سەرچاوەکانی داهات و ڕێژەی زیادەڕۆیی سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هیچ کاتێک بەختەوەری گشتی بەهۆی بەرژەوەندیی تاکە کەسی نەهاتۆتە دی، پێویستە خاوەنداریەتی هەموو سامان و شتومەکەکان (لایەنی کەم خاوەنداریەتی ئامرازە گشتییەکانی بەرهەمهێنان) لە کەرتی تایبەت بگوازرێتەوە بۆ کەرتی گشتی، واتە بگوزرێتەوە بۆ دەوڵەت، بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی گشتی (محەمەدی و زادە، 2006، ل:391).

بۆیە زۆربەی زانا کلاسیکییەکان (کۆن) گرینگیان بەلێکدانەوەی قەیرانەکانی (زیادەڕۆیی لە بەرهەمهێناندا داوە)، هەریەک لە زانایانی بەریتانی ئادەم سمیث و داڤید ڕیکاردۆ و ڕۆبرت تۆماس مالتۆس بڕوایان وابووە کە قەیرانە ئابوورییەکان بەهیچ شێوەیەک ڕوونادەن ئەگەر خستنەڕوو و داوا یاخود خواست لەیەک ئاستدا بن. بەڵام "کارل مارکس" بۆچوونی کلاسیکییەکانی ڕەتکردووەتەوە لەڕوانگەی کۆمەڵناسی و مێژوویەوە، ئەو بڕوای وابوو کە هەموو کەسێک هەوڵی بەدەستهێنانی قازانجی تایبەت بەخۆی دەدات، ئەمەش بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەر کۆمەڵگا و ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت (الحقون، 2013، ص: 28).

**دووەم/ قەیرانی دارایی: (The Financial Crisis)**

قەیرانی دارایی بریتییە لە نەبوونی هاوسەنگیی دارایی لەنێوان ئاستی داهاتی ناوخۆ و ڕێژەی خەرجکردنی داهاتەوە؛ کاتێک کە پلانێکی تۆکمە دانەنرابێت بۆ مەبەستی ڕێگریکردن لە دروستبوونی، ئەوا وڵات ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

لەهەمان کاتدا، شڵەژانێکی ناراستەوخۆشە کە لە هاوسەنگی ئابووری ڕوودەدات، دەبێتە هۆی داڕووخانی ژمارەیەك لە دام و دەزگا داراییەکان، کە شوێنەوارەکانی درێژە دەکێشێت و بوارەکانی دیکەی ژیان دەگرێتەوە. تا ڕێژەیەکیش نالەبارە کە بازاڕی دارایی ناتوانێت سەرمایەکانی خۆی زیرەکانە ئاراستە بکات، بۆ ئەم کەسانەی کە باشترین هەڵی وەبەرهێنانیان لەلایە.

هەروەها، قەیرانی دارایی ڕوودانێکی گرفت ئامێزە، هەڕەشە لە ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوایەتی دەکات، ڕووبەڕووبونەوەی ئەم قەیرانە لە بارودۆخێکی تەنگەتاوی کەم دەرامەتیدا زیاتر کاریگەریەکەی دەردەکەوێت، ئەگەر زۆر پەرەبسێنێ ئەنجامی خراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا (البکری، 2011، ص: 19) .

**1-2- ئەم هۆکارانەی کە یارمەتیدەرن دۆخەکە قەیراناوی تر بێت بریتیین لە:**

1-1-2- جێبەجێکردنی چەمکی تایبەتمەندی، کە بنەمایەکی سەرمایەدارییە لە ئەنجامی بارودۆخێک ڕەخساندووە.

2-1-2- تەرکیزی زیاتری دەسەڵات بۆ گرووپێك لە پیاوانی کاری نێودەوڵەتی.

3-1-2- زاڵبوونی لایەنی ماددیی بەسەر لایەنی سیاسیدا.

4-1-2- ڕێرەوگرتنی ئابووری و سیاسەت بەیەك ئاراستە، شکست لە سیستەمی سیاسی دەبێتە هۆی شکستهێنان لە سیستەمی دارایی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-1-5- مامەڵەی دارایی کە لەبانکەکان جێبەجێ دەکرێت، مامەڵەکان بریتین لە ڕەزامەندی و ڕەخساندنی هەلی قەرزپێدان و داتاشینی دارایی. (دحام، 2012، ص: 119-122 -123).

**2-2- گرنگترین لێکەوتەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا:**

2-2-1- لاوازبوونی خزمەتگوزاری گشتی.

2-2-2- ناڕوونی (شەفافیەت) لە سەرچاوەکانی داهات.

2-2-3- دابەشکردنی سامان بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە.

2-2-4- کەمکردنەوەی موچە بەناوی پاشەکەوت.

2-2-5- فەرامۆشکردنی شایستە داراییەکانی چینی ناوەند.

2-2-6- زیادبوونی بێکاری و هەژاری.

2-2- 7- لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

2-2-8- بەرزبوونەوەی ڕێژەی لێکجیابوونەوە.

2-2-9- کەمبوونەوەی پڕۆسەی هاوسەرگیری.

**باسی دووەم/ ئامراز و جۆرەکانی گەندەڵی:**

**یەکەم/ گەندەڵی: (The Corruption)**

وشەی گەندەڵی (Corruption) بەزمانی ئینگلیزی لە وشەی لاتینی (Corrumpere) داتاشراوە، بەمانای شکان، واتە شتێک کە بشکێندرێت، ئەم شتە لەوانەیە ڕەوشتی بێت، یان کۆمەڵایەتی بێت، یان یاسایەکی کارگێڕی بێت (لمام، 2003، ص: 13).

گەندەڵی بەمانای خراپ بەکارهێنان دێت، توێژەران ئەم زاراوەیە بۆ وەسفکردنی لایەنەکانی ژیانی مۆدێرن بەکاردەهێنن، پێیان وایە قێزەونە(Rose Ackerman, 2006, p.3). ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە ساڵی (1994) دامەزراوە، لە سەرەتایی سەردەمی خۆیدا بەم شێوەیە باسی گەندەڵی دەکات پێیوایە: خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی پێدراوە لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تایبەتی. دواتر سوزان رۆز ئەکرمان کە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بوو، پێوابوو گەندەڵی: ئەم ڕەفتارانەیە کە بەرپرسەکان لە کەرتی گشتی و کەرتی حکومی ئەنجامی دەدەن، بەئامانجی خۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان و نزیکەکانیان بەشێوەیەکی نا یاسایی، لەمیانەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی پێدراو پێیان (فاروق، 2011، ص: 27).

لەهەمان کاتدا، گەندەڵی خراپ مامەلەکردن و خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتییە، بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی تایبەتی (Sahler and Enomoto, 2014 , p. 17). گەندەڵی زیاتر بە ئاراستەی ئەم شوێنانە سەرهەڵدەدات کە بێهزن، یاخود بە بەردەوامی بیرۆکراتییەتیان تیایدایە لە فەرمانڕەوایدا، لەهەندێ شێوەی گەندەڵیدا، پەرەسەندنی سیاسی هەست پێدەکرێت، کاتێک دەبێتە هۆی بەهێزکردنی حیزبە سیاسییەکان، "هانینغتون" پێیوایە: لە گەندەڵی فەرمانڕەوایی فەرمانڕەوایەکی دیکە پەیدا دەبێت (هانینغتون، 2015، ص:90).

**دووەم/ ئامرازەکانی گەندەڵی: (The Tools of Corruption)**

گەندەڵکار پیشاندانی ئامرازەکانی زانیاریبەخش و هەڵخەڵەتاندن تاقی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هاوبیرانی ملکەچی ئیرادە و هەڵبژاردنەکانی بن، گەندەڵکار بەوە دەناسرێت کە هاونیشتیمانییەکی لاوازە، دەیەوێت کۆنترۆلی گەندەڵییەکەی بەهەر ڕێگایەک بێت بیکات:

**لە گرنگترین ئامرازەکانی گەندەڵی بەپێی زنجیرەی گرنگیان بریتین لە:**

**1-2- دەسەڵات:** باوکی گەندەڵییە، هێزی دارایی و توانای جەستەیی و شوێنە مەعنەوییەکەی بەکاردەهێنێت بۆ گەندەڵکردن، بەرپرسی گەندەڵ ئەم دەسەڵاتەی پێیدراوە، بەکاری دەهێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر ژێردەستەکانی بۆ ئەوەی ئەوانیش گەندەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکات، تاوەکو بتوانێت بەردەوام بێت لە گەندەڵییەکەی، فەرمانڕەوایی گەندەڵ سەربازەکانی بەکاردەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردن و تیرۆرکردنی هاوڵاتیان؛ سیستەمی سیاسیی ملکەچ بەکاردەهێنرێت بۆ ڕەنگکردن و ڕەوایەتیدان بە کارەکانی و سڕینەوەی دەنگی ئەوی دیکەو تاوانبارکردنیان بە کودەتاچی و خیانەت و گەندەڵکردن و تێکدانی هێمنی و ئارامی. فەرمانڕەوای گەندەڵکار بەم گەندەڵکاریەی هەوڵدەدات هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری خۆیەوەن، یان لە تەنیشتیەوەن، یان لە خوار ئەون گەندەڵ بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو یەك ئاواز لێبدەنەوە و هاوسەنگ بن، بەبێ ئەوەی دەنگێکی نەشاز هەبێت.

**2-2- سەرمایە:** (ئەم کەسەی کە لەدەسەڵات ناترسێت)، ئەوا بەهۆکاری سەرمایە ملکەچیان دەکەن. بۆیە گەندەڵکاران بەردەوام هەوڵدەدەن کە دەست بەسەر سەروەت و ساماندا بگرن، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێکی فشار بۆ کڕینی ئەم کەسانەی کە دەبنە کۆسپ و بەربەست لە بەردەمیاندا.

**3-2- پلەو پایە:** ئەم کەسانەی کە زۆرترین کاریگەریی گەندەڵکاریان لەسەرە، ئەوانەن کە تینوی پلەو پایەن و ئارەزووی پلە بەرزی دەکەن بە هەر نرخێك بێت، وەك قەڵغانێك بەکاردەهێنرێن بۆ پاراستنی دەسەڵات، یان وەکو هۆکارێك بۆ پاراستنی کردارەکانیان.

**4-2- ڕاگەیاندن:** گەندەڵکار پێویستی بە کەسانێک هەیە بۆ ئەوەی کەمووکوڕییەکانی داپۆشێت و گەندەڵییەکانی بڕازێنێتەوە؛ پرۆژە و بیرۆکەکانی لە ناو خەڵکدا بازرگانی پێوەبکا و هەڵەکانی داپۆشێ و بیکا بە سەرکەوتن، هەوڵی خامۆشکردنی بیرکردنەوە و ختوکەدانی هەستەکان بدات، بۆ ئەمەش دامەزراوەی ڕاگەیاندن دەکەنە ئامراز.

**5-2- پیاوی ئاینیی:** مەبەست لێرەدا بەشێک لە پیاوانی ئاینییە کە ڕەوایەتی (الشرعية) دیینی بەدیاردەی گەندەڵی و گەندەڵکاران دەبەخشن، ڕەوایەتی دەبەخشن بە بەکارهێنانی چەمکی ئایین بۆ ئەم گەندەڵکاریانەی کە ئەنجام دەدرێت، هەر گەندەڵکارێک هەوڵدەدات ژمارەیەک لە پیاوانی ئایینی لەخۆی نزیک بکاتەوە (هەتا ئەم گەندەڵکارە ئەگەر عەلمانی، یان بێباوەڕ بێت)، لەبەرئەوەی دەزانێت بەهاو نرخی ئایین زۆرە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگادا، ئەم گەندەڵکارە ڕێزو ســـتایشــی خۆی بۆ پیرۆزییە ئایینییەکان دەردەبڕێت (المهدی، 2007، ص ص:204 - 205 -206).

**سێیەم/ جۆرەکانی گەندەڵی: (Types of Corruption)**

**3-1- گەندەڵی کۆمەڵایەتی: (The Social Corruption)**

کۆمەڵێک ڕەفتارە کە دەبێتە هۆی تێکدان، یاخود شکاندنی کۆمەڵێک بنەماو دابوونەریتی پەسەندکراو لە کۆمەڵگادا، یان ڕەچاوکردنی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە بەدەرن لە بەها مرۆڤایەتییەکان؛ گەندەڵی کۆمەڵایەتی: تێکدانی سەقامگیری و زیادبوونی کوشتنە؛ هەموو ئەم کردارانەش دەگرێتەوە کە پێچەوانەی ڕەفتاری ڕاسـت و ڕەوشـتی گشـتین لە کۆمەڵگادا (معابرة، 2010، ص: 82).

**3-2- گەندەڵی سیاسی: (The Political Corruption)**

واتە خراپ بەکارهێنانی دەســـەڵات لەلایەن ســـەرکردە ســـیاســـییەکانەوە، لەپێناو بەدەســتهێنانی قازانجی تایبەت و زیادکردنی دەســەڵات و سـامان. گەندەڵی سـیاسـی پێویستی بەپێدانی پارە نییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو شێوازی بازرگانی دەسەڵات وەردەگرێت، لەجیاتی باشـترین پێشـکەش کردن، "گەندەڵی سـیاسـی" ژیانی سـیاسـی و دیموکراسی ژەهراوی دەکات (التنير، 2009، ص: 31).

**3-3- گەندەڵی یاسایی: (The Legal Corruption)**

گەندەڵی یاسایی سەرجەم ئەم پرۆسانە دەگرێتەوە کە دەبنە مایەی تێکدان و ڕێگری لە سەروەری یاسا لەڕێگای هەر شێوازێکی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، یاخود بۆ بە سیاسیکردنی دادگا و دەسەڵاتی دادوەری و دروستکردنی کاریگەری لە سەر بڕیاری دادگا لەپێناو دەستکەوتنی سوودی ماددی و مەعنەوی (سەعید، 2009، ل: 21).

**3-4- گەندەڵی کارگێڕی: (The Administrative Corruption)**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم سەرپێچی و گرفتانەیە کە بەدیاردەکەوێت لە دەزگا حکومییە جۆراوجۆرەکان وەک: بەرتیل، نزیکایەتی و پەکخشتنی کاروباری هاوڵاتیان، لەهەمان کاتدا لادانی کارگێڕییە، کاتێک فەرمانبەرێک لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەی سەرپێچی یاسا دەکات، شوێن و دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنیت بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی بەڕێگایەکی نایاسایی (عمر، 2010، ص: 52).

**3-5- گەندەڵی ئابووری: (The Economic Corruption)**

گەندەڵی ئابووری بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و قازانجە لەڕێگای ئەم کارانەی کە دوورن لە بەهاو ڕەوشت و یاسا، وەک فێڵکردنی بازرگانان و گەمەکردن بەنرخ لەکاتی دروستبوونی قەیران لە بازاڕدا، لەهەمان کاتدا گرفتی جیاوازی هەیە، وەک بڵاوبوونەوەی تاوانی ڕێکخراوی، وەک: شوشتنەوەی دراو و خۆدزینەوە لە باج (عمر، 2010، ص: 61).

**چوارەم/ نیشانە سەرەکییەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا:**

**4-1- بەرتیل:** گەوهەری گەندەڵییە، مەبەست تەنیا بەرژەوەندییە کەسییەکانە. دوور لە بەرژەوەندی گشتی.

**4-2- نزیکایەتی: (المحسوبية)** پەیوەندییە کەسی و بنەماڵەیی و حیزبییەکانە، لە گرنگترینیان دانانی کەسی نەشیاوە بۆ شوێنی شیاو.

**4-3- بەکارهێنانی پۆستی گشتی:** فەرامۆشکردنی ئەرکی گشتی و بەکارهینانی پۆست حکومی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت.

**4-4- ساختەکردن لە هەڵبژاردەکان:** ساختە کردنی ڕاستییەکان و کڕینی ویژدانە، هەڵکشانی ئەوانەیە کە شایستە نین.

**بەشی چوارەم/ تاوتوێکردنی دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم/ دەرئەنجامی توێژینەوەکە:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-1- لەم ئەنجامانەی کە تایبەتن بە ئامانجی یەکەم، بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەگەین:**

کە ململانێی حیزبی تارادەیەک بووەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزان، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری و زیادبوونی هەژاری. لەهەمان کاتدا، دەستوەردانی حیزبی لە دامەزراوەی پەروەردەو فێرکردن، بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی پۆستە کارگێرییەکان لەسەر ئینتیمای حیزبی سیاسی دابندرێن. هەروەها بەبێ ڕەچاوکردنی پێویستی دامەزراوەکان و بازاڕی کارکردن، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان بڕوانامەی زانستی بەدەستهێناوە. ململانێ حیزبی ئاکامی نەرێنی هەبووە لەسەر لێکترازانی چەمکەکانی خوێندن وەک: (قوتابی، خوێندکار)، (قوتابخانە، خوێندنگە) بەشێوەیەک هەر حیزبێکی سیاسی ناوێکی بۆ ئەم چەمکانە داناوە و کردویەتی بەناسنامەی خۆی.

دەزگا ئایینیەکان ڕۆڵیان لاوازبووە لە هێورکردنەوەی ململانێی حیزبی، بەهۆی ململانێی سیاسی و لایەنگیری سیاسی زۆربەی ئەم تاکانە دەگەڕێتەوە کە لەم دەزگا ئاینییانە کاردەکەن بۆ حیزبە سیاسییەکان، بەتایبەت بۆ حیزبە ئیسلامییەکان.

زۆری هۆیەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی (بینراو، بیستراو، نوسراو) لێکەوتەی ململانێی حیزبی بووە، کە کارکردنیان زیاتر بۆ بەرژەوەندی حیزبە سیاسییەکان بووە، بەهۆی لایەنگیریان لە گەیاندنی ڕاستی زانیارییەکان، بەپیشەیی کاریان نەکردووە. بودجەیەکی زۆر تەرخانکراوە بۆ ڕاگەیاندنەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

**2-1- لەم ئەنجامانەی کە تایبەتن بە ئامانجی دووەم، بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەگەین:**

لەم ئەنجامانەدا بەم دەرئەنجامانە دەگەین، کە ململانێی حیزبی بووەتە هۆی ئەوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئابووری وڵات قۆرخ بکەن، بەهۆی ئەم هەژموونە زۆرەی کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان دروستیان کردووە بەسەر ئابووری وڵات، بەمەش لە کاتی ململانێی حیزبی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری لاواز بووە، بەهۆی سەرقاڵی حیزبە سیاسییەکان بە ململانێی سیاسی، لەهەمان کاتدا شکست لە سیستەمی سیاسی بووەتە هۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شکستهێنان لە سیستەمی دارایی. بەهۆی سیاسەتی ئابووری ئازاد، کە کەمترین داهات گەڕاوەتەوە بۆ حکومەت. ناڕوونی (شەفافیەت) لە سەرچاوەکانی داهات، بڕین و کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، دابەزینی نرخی نەوت لە گرنگترین هۆکارەکانی دروست بوونی قەیرانی ئابوورین.

لەلایەکی تر قەیرانی ئابووری بەهۆی بێ پلانی ئابووری و دارایی دەسەڵاتی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا گەڕاوەتەوە، سەبارەت بە کەمی داهات و زیادەی خەرجی. قەیرانی دارایی بووەتە هۆی ئاڵۆزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزان و دواخستنی پرۆسەی هاوسەرگیری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە.

**1-3- لەم ئەنجامانەی کە تایبەتن بە ئامانجی سێیەم، بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەگەین:**

لەم ئەنجامانەدا بەم دەرئەنجامانە دەگەین، کە بەهۆی ململانێی حیزبی زۆرترین گەندەڵی ئەنجام دراوە لەلایەن بەرپرسە سیاسییەکانەوە، دەسەڵاتی دادوەریی و یاسا توانای لێپرسینەوەیان نەبووە لە گەندەڵکاران. دەرئەنجامێکی تری قەیرانی دارایی بڕینی مووچەی فەرمانبەران و ڕاوەستانی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتییە، بەمەش چینی ناوەند لە کۆمەڵگادا بوونەتە قوربانی ململانێی حیزبی، بەهۆی گوێنەدان بە مافە ڕەواکانیان.

**دووەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:**

**2-1-** هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی ئەندامانی خێزان لە هەرێمی کوردستاندا، بە دروستکردنی زەمینەیەکی لەباری کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابووری، لە ڕێگای لایەنە پەیوەندییدارەکانی وەک: دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هۆیەکانی ڕاگەیاندن، بۆ ئەوەی ململانێ حیزبی لێکەوتەی نەرێنی لەسەر ئەندامەکانیان دروست نەکات.

**2-2-** لە دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن دەستوەردانی حیزبی نەمینێت، بەتایبەت لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە، پۆستە کارگێرییەکان لەسەر ئینتیمای حیزبی سیاسی دانەنرێت، بەڵکو لەسەر ئاستی بێلایەنی و شارەزایی دابنرێت، بایەخ بدرێت بە ئەم

پسپۆڕی و شارەزاییانەی کە کۆمەڵگا پێویستی پێی هەیە؛ لەگەڵ کۆتایی هێنان بەلەتبوونی چەمکەکانی خوێندن وەک (قوتابی، خوێندکار) (قوتابخانە، خوێندنگە)، یەک چەمک بۆ هەر یەکەیان بەکاربهێنرێت.

**2-3-** بایەخی زیاتر بدرێت بە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی حکومی (بینراو، بیستراو، نوسراو) بەتایبەت بەرنامەی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستی. پێویستە ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵیان هەبێت لە بەمەدەنیکردنی ململانێی حیزبی، لە گەیاندنی ڕاستی زانیارییەکان بەپیشەیی کار بکەن، لەگەڵ کەمکردنەوەی ئەم بودجە زۆرەی کە تەرخان دەکرێت بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە.

**2-4-** هەوڵبدرێت بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لەڕووی ئابوورییەوە و دامەزراندنی بنەمایەکی پیشەسازی کە ببێتە هۆی بەرفراوانبوونی چینی ناوەڕاست و سەرهەڵدانی چینی کرێکار، لەگەڵ دانانی پلانێکی تۆکمە و خێرا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی. پێویستە تەنیا پشت بە سەرچاوەکانی داهاتی وەک: نەوت و ئەم بودجەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دێت نەبەسترێت، بەڵکو پشت بە سەرچاوەکانی داهاتی ناوخۆی دیکەی، وەک: کشتوکاڵ و گەشتو گوزار دانانی باج لەسەر کۆمپانیاو کارگەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی ببەسترێت بەیەکسانی، کەرتی گشتی کاراتر بکرێت، داهاتەکان هەمووی بگەڕێتەوە بۆ کەرتی گشتی، لەگەڵ شەفافیەتی تەواو لەسەرچاوەکانی داهات.

**2-5-** پێویستە سزای توندی گەندەڵکاران بدرێت لەهەر پلەو پۆستێکی حیزبی، یان حکومیدا بن لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە. بایەخ بدرێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاک و نەهێشتنی بێکاری و ڕەخساندنی هەلی یەکسانی لە دەرفەتی کارکردندا لەلایەن حکومەتەوە، بەتایبەت ڕۆڵی گەورەی کاراکردنی کەرتی تایبەتی نیشتیمانی و دەستپێشخەری تاکی، بایەخ بەماف و شایستە داراییەکانی چینی ناوەند بدرێت.

**2-6-** پێویستە گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان سودمەند بێت لەم توێژینەوەیە، بەو پێیەی لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی ئابووری سەخت تیپەر دەبێت،

لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە لە ئەنجامی ململانێی حیزبی لەســەر تاکەکانی کۆمەڵگا زیاتر ڕەنگی داوەتەوە.

**2-7-** پێشــنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردســتان پێشــنیارەکانی توێژینەوەکە لەبەرچاو بگرێت و کاری بۆ بکات بە ئامانجی چارەسەرکردنی.

**سێیەم/ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

**3-1-** بایەخدانی زیاتر بدرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســتی لەســەر دەرخســتنی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی حزبی لە سەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**3-2-** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لە ڕوانگەی زانینی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی حیزبی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا.

**3-3-** بایەخدانی زیاتر بدرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســتی لەســەر زانینی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ململانێی نادیموکراسی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا.

**3-4-** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســتی زیاتر لە ڕوانگەی دەســتنیشــانکردنی لێکەوتە ئابوورییەکانی ململانێی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا.

**3-5-** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا.

**3-6-** بایەخ بدرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕەوشی دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگا بەهۆی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا.

**3-7-** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی ئابووری، پاڵنەرەکانی قوڵتربوونەوەی قەیرانەکە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا.

## لیستی سەرچاوەکان:

### 1- سەرچاوە کوردییەکان

### 1-1- کتێبەکان:

1.باسیرە، سالار. (2014) پێگەی حیزب لەسیستەمی سیاسییدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلیمانی.

2. ئەحمەد، شوان. (2007) چەمکی ململانێی، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی، کوردستان.

3.عمر، مەعن خەلیل. (2007) کۆمەڵناسی خێزان، وەرگێڕانی، ئارام ئەمین، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆک.

4. عمر، مەعن خەلیل. (2009) ڕەخنەی هزری کۆمەلایەتی هاوچەرخ، وەرگێڕانی شەهلا وەلی جەبار، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆک.

5. وەردی، عەلی (2004) کەسیەتی تاکی عێراق، وەرگێڕان، محەمەد وەسمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.

6. شوانی، محەمەد. (2015) سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، چ1، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

7. گیدنز، ئەنتۆنی. (2013) دەروازەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. محەمەدی، زاهیر و زادە، یاسین حاجی. (2006) قاموسی سیاسی ئارەش، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

9. ئەبڕاش، ئیبراهیم. (2013) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسـی، وەرگێرانی، دیدار ئەبوزێد، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**1-2- نامەی ماستەرە کوردییەکان:**

1.سـەعید، سـەلاح صـدیق. (2009) کێشـەی گەندەڵی، هۆکارو دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی، نامەی ماسـتەر، بڵاونەکراوەتەوە، پێشـکەش کراوە بە کۆلیژی ئەدەبیات، بەشـی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

2. شەریف، ڕۆژە عبدالله. (2007) ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردسـتان، نامەی ماسـتەر بڵاونەکراوەتەوە، پێشـکەش کراوە بە کۆلیژی ئەدەبیات، بەشـی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**2- سەرچاوە عەرەبییەکان: (المصادر العربية)**

**1-2- کتێبەکان: (الكتابات)**

1. أبراش، إبراهيم. (1998) علم الاجتماع السياسي، ط1، مكتبة دار الشرق، عمان، الاردن.

2. أبو سـليمان، عبدالوهاب إبراهيم (1996) منهج البحث في الفقة الاسـلامي، ط1، دارابن حزم، بيروت، لبنان.

3. البكري، جواد كاظـم. (2011) فتح الاقتصـاد الامريكي الازمة المالية 2008، ط1، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الستراتيجية، بيروت، لبنان.

4. التنير، سمير. (2009) الفقر والفساد في العالم العربي، ط1، دار الساقي، بيروت، لبنان.

5. الجوهري، محمد. (2007) المدخل إلى علم الاجتماع، ط1، قاهرة، مصر.

6. الزيباري، طاهر حسـو. (2016) النظرية السـوسـيولوجية المعاصـرة، ط1، دار البيروني للنشـر والتوزيع، عمان، الاردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. دحام، الهام وحيد. (2012) العوامل الاقتصـــدية والاجتماعية والمالية وأثرها على التنمية الأقتصادية، ط1، مطبعة الثقافة، أربيل، كردستان.

8. سبيريكين. (1979) المادية التاريخية، ط1، دار مكتبة الحيات، بيروت، لبنان.

9. الشـــميري، فهد عبدالرحمان، (2010) التربية الاعلامية: كيف نتعامل مع الإعلام، ط1، مكتبة الملك فهد، الرياض، سعودية.

10. بشارة، عزمي. (2013) الدين والعلمانية في السياق التاريخى، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت، لبنان.

11. الطيب، مولود زايد. (2007) علم الاجتماع السـياسـي، ط1، مكتبة دار الكتب الوطنية، بنغازي، ليبيا.

12. عبدالجواد، احمد رافت. (بدون سـنة طبع) مباديء علم الإجتماع، مكتبة نهضـة الشـرق، القاهرة المصر.

13. عبدالكافي، اسـماعيل عبدالفتاع. (2012) اسـس مجالات العلوم السـياسـية، ط1، الازاريطة، الاسكندرية، مصر.

14.عودة، محمد. (بدون سـنة) أسـس علم الاجتماع، دار النهظ العربية للطباعة والنشـر، بيروت، لبنان.

15. فاروق، عبدالخالق. (2011) اقتصـاديات الفسـاد في مصـر، ط1، مكتبة الشـرق الدولية، قاهرة، مصر.

16. ميكافيلي. (2004) كتاب الأمير، ترجمة، اكرم مؤمن، مكتبة أبن سينا، قاهرة، مصر.

17. ماركس، كارل. (1974) ونقدة فلسفة الحق عند هيغل، ترجمة، دار التقدم، موسكو.

18. معابرة، محمود محمد. (2011) الفســاد الإداري وعلاجة في الشــريعة الاســلامية، ط1، دار الثقافة، عمان، الاردن.

19. المهدي، محمد. (2007) علم النفس السياسي، ط1، مكتبة الانجلو، قاهرة، مصر.

20. هانتنغتون، صموئيل. (2015) النظام السياسي للمجتمعات المتغيرة، ترجمة، سمية فلوعبود، ط2، دار الساقي، بيروت، لبنان.

**2-2- نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا: (رسالة ماجستير و أطروحة دكتوراة)**

1. احمد، عباس شريف. (2017) پەیوەندی جیهانگیری بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر بڵاونەکراوەتەوە، پێشکەش کراوە بە کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

2. حسين، محمد سعيد. (2011) المقومات الاجتماعية والسياسية للتسامع في المجتمع الكوردي، أطروحة دكتوراة، غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب، قسم علم الاجتماع، جامعة صلاح الدين، كردستان- العراق، أربيل.

3. الحقون، نادية. (2013) العولمة الاقتصادية والأزمات المالية، الوقاية والعلاج، أطروحة دكتوراة، غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير، قسم العلوم الاقتصادية، جامعة الحاج الخضر، باتنة، الجزائر.

4. عمر، محمد حسن. (2010) النزاعات الداخلية ودور الفساد في النشوبها، العراق لفترة 2003-2008 نموذجها، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الى فاكلتي العلوم الانسانية، سكولي قانون، قسم قانون جامعة دهوك، كردستان- العراق.

5. لمام، محمد حليم. (2003) ظاهرة الفساد السياسي في الجزائر، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم السياسة والأعلام، قسم العلوم السياسية والاعلاقات الدولية، جامعة الجزائر.

**2-3-English Sources: (سەرچاوە ئینگلیزییەکان)**

1. Borgatta, E and Momtgomery, R. J. V. (without year) *Encyclopedia of Sociology*, second edition, New York ,USA.

2. Durkheim,  E. (1995)  *The Elementery forms of Religious Life*, translated by Karen E, New York. America.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. Gurevitch, M et at (2005) *Culture, society and media*, second edition, London.

4. Heinrich, M. (2004) *An introduction to the three volumes of Karl Marx s capital*, translated by Alexander Locascio, New York.

5. Hofmeister, W. ana Grabow, K. (2011) *Political parties: Functions and organization in democratic societies*, Singapore, Malaysia.

6. Marshall, G. (1998) *A Dictionary of sociology*, second edition, oxford university press, New York.

7. Marx, K. (1959) *Capital*: A Critique of Political Economy, Volume III, Institute of Marxism-Leninism, Union of soviet socialist republics.

8. Moussa, M. Y. (1993) *Islam and humanity's need of it*, al ihram commercial press, Cairo, Egypt.

9. Pareto, v. (1959) *The Mind and society*, translated by Andrew Bongiorno and Arthar Livingston, New York.

10. Sahler, A. and Enomoto, A. (2014) *Combating corruption*: Implications of the G20 action plan for the Asia- pacific Region, Tokyo.

11. Susan Rose, A et al (2006) *International Handbook on the Economics of Corruption*, Cheltenham, United Kingdom.

12. Weber, M. (1930) *The protestant Ethic and the Spirit of Capitalism*, translated by Talcott Parsons, first published, New York , America.

## The Economical Outcomes of the Political Party in The Kurdistan Region of Iraq

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1- Assistant Lecturer: Rozhgar Saadi Sabir**
**Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil- Iraq**

Rozhgar.Saadi@su.edu.krd

Rozhgar.Saadi@gmail.com

**2- Samih Mustafa Hassan**

**Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil- Iraq**

Samih.Hassan@su.edu.krd

## Abstract:

The economic consequences of political conflict in Kurdistan Region are the primary sources of political and social problems in society. The severe political conflicts have a strong relationship with economic aspect. Whereas, every direct economic issue leads to a bitter conflict on governmental institutions. The study (The economic outcomes of political conflict in Kurdistan Region) is an analytically descriptive study, for the purpose of showing and knowing the social and economic outputs of political conflict in Kurdistan Region.

In order to achieve the goals of the study, the study is comprised of four chapters. Firstly, chapter one includes two sections: section one: this section is the general framework of the study. Then section two: this section identifies and defines the concepts of the study. Secondly, chapter two: this chapter discusses the social outcomes of political conflicts on social institutions. Thirdly, chapter three consists of two sections: the first section focuses on economic outputs of political conflicts such as; economic crises, and financial crises. The second section points out the consequences of economic crises in Kurdistan Region. Lastly, chapter four covers the conclusions, suggestions, and the recommendations of the study as a result of the concluded outcomes of the study.

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص البحث:**

تعد التأثيرات الاقتصادية للصراعات الحزبية في اقليم كردستان مصدرا رئيسا لمشاكل مجتمع السياسية والاجتماعية، حدة الصراعات الحزبية لها علاقة وطيدة بالجانب الاقتصادي ايضا، اية معضلة اقتصادية تؤدي مباشرة إلى صراع قوي على مؤسسات الدولة البحث (التأثيرات الاقتصادية للصراعات الحزبية في اقليم كردستان )، دراسة وصفية تحليلية، بهدف كشف ومعرفة التأثيرات الاجتماعية والاقتصادية للصراعات الحزبية في اقليم كردستان.

تنقسم الدراسة إلى اربعة اقسام ، القسم الاول، البحث الاول : الاطار العام للدراسة البحث. مبحث الثاني: تحديد وتعريف مفاهيم الدراسة : البحث الثاني، يتحدث عن النتائج الاجتماعية للصراعات الحزبية على المؤسسات الاجتماعية. القسم الثالث : ينقسم إلى بحثينو البحث الاول: التأثيرات الاقتصادية للصراعات الحزبية بوصفها ازمة اقتصادية، ازمة مالية. البحث الثاني يتحدث عن افرازات الازمة الاقتصادية في اقليم كردستان. القسم الرابع: يتكون مناقشه والنتائج والاقتراحات (الاستنتاجات والتوصيات) الدراسة وفق نتائج البحث.